## دوو کتێبی سەرچاوە

کاک رەزا شەجیعی بە کارێکی باش هەستاوە، کە بریتییە لە ئیندێکس کردن و ناساندنی کتێب و وتاری چاپکراوی رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێستا کە بە هۆی پەیوەندی نێوان بەشەکانی کوردستانەوە دەرەتانی چاپ و بڵاوکردنەوەیەکی باشتر خوڵقاوە، ئاگاداریی لە هەموو کتێب یا وتارێکی چاپکراو ئەستەم بوە و واهەیە نەک هەر وتار، تەنانەت کتێبیش لە شوێنێکی کوردستان یا دەرەوەی وڵات چاپ بێت و خوازیار و خوێنەر بە هەواڵی نەزانن.

شەجیعی لە کتێبی یەکەم دا، کتێبە کوردییە چاپکراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێرەی بابەت: فەلسەفە، ئایین، ئەدەب، مێژوو...، دەناسێنێت و تایبەتمەندییەکانی کتێبەکان (ناو، نووسەر، وەرگێڕ، بنکەی بڵاوکەرەوە و ...) رادەگەیێنێت، کە تەنیا ئەو کتێبانە دەگرێتەوە وا لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی چاپ کراون.

کتێبی دووهەم، تایبەتمەندیی ئەو "وتار"ە کوردییانەیە وا لە دوو گۆڤاری سروە و ئاوێنە (چاپی ورمێ و تاران) دا بڵاو کراونەتەوە و ساڵانی ١ تا ١٧ی سروە و ١ تا ١٠ی ئاوێنەی گرتوتە بەر.

هۆی باس کردنی کتێبەکان لێرەدا ئەوەیە هەندێک لە کتێب و وتارەکان نووسەر و شاعیر و وەرگێڕی بۆکانی نووسیویانن و لەوانە، حەقیقی، نووری، ئاسۆ، سوڵتانی و... .

هیوایە کاک رەزا ئەو خزمەتە بەنرخەی درێژە پێ بدات و هەوڵی ناساندنی کتێبی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەروەها وتاری گۆڤار و رۆژنامەکانی دیکەش بدات.

١. رەزا شجیعی، "کتێبخانەی رۆژهەڵات – کتێب ناسی کتێبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان" بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ٩٥ لاپەڕە، کوردی

٢. رەزا شجیعی، "وتارنامە - ئیندێکسی هەر دوو گۆڤاری سروە و ئاوێنە"، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ٢٧٥ لاپەڕە، کوردی